گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەفزیونییەکان لەهۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە هەرێمی کوردستان (پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی) بەنەموونە

**پ.ی.د. ڕێبەر گۆران مصطفى**
بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی کارگێری تەکنیکی، زانکۆی پۆلە تەکنیکی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق
Rebar.goran@spu.edu.iq

**هەلات جعفر خورشید صابر**
بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی کارگێری تەکنیکی، زانکۆی پۆلە تەکنیکی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
Halat.mam20@epu.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/١٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٥/٩
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

The Role of Television, Programmes, The Public in Kurdistan, Social Reconciliation, K24 Channel.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.2

## پوختە

لەم دواییەی گۆڕەپانی میدیایی ئازاد لە هەرێمی کوردستاندا ، چەندین کەنال و ماڵپەرو تەلەفزیۆنی جۆراو جۆر هاتنە کایەوە بە هۆی ئەوەی ڕاگەیاندنی کوردی بۆ قۆناغێکی گەشەکردن بردووە ، بەڵام لەروی چۆنێتیەوە بێ گرفت وکێشەنەبوە، هەوڵدراوە لەم شوێن تا ئەو شوێن ئازادی بۆ ڕۆژنامەنووس فەراهەم بکرێت تا بتوانن ڕەخنە لەکەموکورتییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی بگرن، هەروەها لەکەموکورتییەکانی حکومەت ودامەزراواەکانی بکۆڵنەوە... نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئامادەکردن وپێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بەبنکوڵکاری لەشاشەکانی تەلەفزیۆن ئامادەبکرێت وپیشان بدرێ، وەک سەرەتایەک بۆ دەستپێک لەکاری میدیایی لەژانرێکی میدیایی نوێدا. بۆیە هەبوونی بەرنامەی بنکوڵکاری، بێگومان پەیوەندی بەرەوشی سیاسی وسیستێمی بەڕێوەبردنی وڵات هەیە، بۆیە ئەو وڵاتانەی ئازادی تێدا خەفە کرایە، قەت چاوەڕێ ناکرێ، ڕەخنەی تێدا قبوڵ بکرێ. ڕێگا بەرۆژنامەنووس نادرێ بەئازادی کار بکا وبەرهەمی پێشکەش بکا.

## 1. پێشەکی

ڕۆژنامەنووسی بنکولکاری ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەسیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت هەیە، وەهەروەها پەیوەندی بەئازادی ڕادەبڕین ودیموکراتیەت وئازادی نووسین هەیە. بۆیە لێرە دەبێت ئاماژە بەسەرهەلدان وگەشەسەندنی ژانری بنکوڵکاری بکرێت کەی؟ وەچۆن؟لەکوێ؟ سەریهەڵداوە. ئەوەی جێگای ئاماژەیە دەرکەوتنی بنکولکاری لەژینگەیەك بەرپا دەبێت کەتێیدا ئازادی ڕادەربڕین ونووسین تێیدا بەرجەستە بکرێت، هەروەها هاوکاتە لەگەڵ ئەم ولاتانەی کەرێژەی گەندەڵی وساختەکاری ودزی تێیدا بە ڕێژەییەکی کەم بەرچاوی جەماوەر دەکەوێت، ئەم توێژینەوەیەمان تایبەتە بەبەرنامەی "بنکۆڵ" لە کەنالی ئاسمانی کوردستان 24، کە ئێمە (٢٤) بەرنامەمان وەرگرتییە، تێدا پیشان دەدا، کەهەبوونی بەرنامەی بنکولکاری بۆ ئەوەی بینەر لەڕاستییەکان بگا بۆ کۆمەڵگای کوردەواری زۆر گرنگە، بۆ پێشوەچوونی دیموکراتییەت گرنگە، لەهەمان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان زۆر گرنگە. ئەم توێژینەوەیە بەناوی: ڕۆلی بەرنامەکانی بنکولکاری لەخستنەڕووی ئاریشەکاندا بەرنامەی (بنکۆڵ) لە کوردستان ٢٤ بەنموونە، لەپێشەکی، میتۆدنامە وتیۆرینامە وئەنجام ولیستی سەرچاوەکان پێکهاتییە. لە تەوەرەی یەکەمدا ئاماژە بەرێباز وچوارچێوەی توێژینەوە دەکات، لەچۆنیەتی هەڵبژارن وگرنگی وئاستەنگەکاکان وئامانج وکۆمەڵگە ومیتۆدی توێژینەوە، بەڵام لەتەوەرەی دووەمدا باس لەچەمك وسەرهەڵدانی مێژووی ڕۆژنامەگەری بنکولکاری دەکرێت کەلەچەندین خال پێکدێت، کەئەمانەن چەمك پێناسە وخەسڵەتەکان وسەرهەڵدان ورۆڵی بنکولکاری لەئاشکراکردنی پرسی گەندەڵی وسیاسی. بەڵام لە تەوەرەی سێیەمدا باس لەژانری بنکولکاری لەرۆژنامەگەری کوردیدا دەکات کەئەمانەن ، سەرهەڵدان وهۆکارەکانی دەرکەوتنی بنکولکاری لەکەناڵەکانی ئاسمانی کوردیدا . بەڵام لەتەوەرەی چوارەم دا باس لەچۆنیەتی کارکردن وئاستەنگەکانی دەرهێنەر لەبەردەم کارەکانی ئامادەکردنی بەرنامەی بنکوڵ وکاریگەری لەسەر بینەر دەکرێت. هەروەها لەتەوەرەکانی چوارەم وپێنجەمدا باس لەوەسف وشیکاری بەرنامە هەڵبژێردراوەکانی بەرنامەی بنکوڵدەکەین لەکەناڵی ئاسمانی کوردستان 24، لەگەل دەرخستنی ئەنجام و ڕاسپاردەی توێژینەوەکە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2. ڕێبازو چوارچێوەی توێژینەوە

### 1-2 هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی تویژینەوە

ڕۆژنامەگەری بنکولکاری فۆرمیکی زیندووی چاوی چوارەمە لەســەر چاودێری کارنامەی دامەزراوەکانی حکومەت. بۆیە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشــانە ڕێگا خۆشــکەرە بۆ ئەوەی ڕاســت ودروســتی کەم وکوڕی ئازادی ڕادەبڕین بخەینە ڕوو بەمەرجێك لێکۆلینەوەی وورد لەســەر کاری حکومەت بکرێت. کە لەم توێژینەوە جۆرێك لەبابەتەکانمان هەڵبژاردووە کەکۆمەڵگا تامەزرۆ زانینی هەواڵی دروستی ئاریشەکاندا، بۆ گەیشتن بەدروستی ناوەرۆکی بابەتی کار لەسەر کراو. بۆیە بەپشت بەستن بەکۆمەلێك سەرچاوەی گرنگ لەســەر ڕۆژنامەگەری بنکولکاری وگەیشــتن بەگۆشــە نەبینراوەکانی کەلەناوەرۆکی توێژینەوەکە بوونیان هەیە.

### 2-2 گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوە بە چەند ئاراســتەیەك دەســتنیشــان دەکرێت، کە لەســەر زۆربەی بابەتەکانی ناورەۆکی بەرنامەکان، بۆیە زۆربەی بابەتەکانی کە لەلایەن بەرپرسانی حکومی ناحکومی کەیسەکانیان ڕوون نیە بۆ کۆمەلگا وجەماوەر، ئەوە بۆتە هۆکاری گرنگیدان بەناوەرۆکی بابەتە شاراوەکان. هەروەها بتوانرێت ڕۆژنامەنووســان بەئازادی باس لەکارنامە شــاراوەکان بکەن هەروەك مارك هەنتەر باس لە ئازادی ڕادەبڕین نیشــاندانی کەیســە شــاراوەکان بەئازادی دەخاتە بەرباس .(مارك هەنتەر:ریکخراوی ئەریج، ل. 48). وەهــەروەهــا جۆرێکی تــرلــە گرنگی دانی توێژینــەوکــەمــان بریتیــە ڕۆڵی لایــەنــە پەیوەندیادارەکان کەم تا زۆر پابەندی بەرنامەکانی بنکولکاری بوون یا نا؟

### 3-2 : کێشەی توێژینەوە

بنەما سەرەکییەکانی کێشەی توێژینەوە لەمپەر نەبوونی سەرچاوەی تایبەت بە ناونیشانی تویژینەوەکە، بەرەو کۆمەلێك ڕەهەندی ئالۆزمان دەبات، کە بەیەکێك لە کێشە گرنگەکان هەژمار دەکریت کە ڕووبەڕووی توێژەر دەبنەوە. بەڵام لە دوا سات دەگاتە ئەو بڕیارەی کە چ بابەتیك شایەنی ئەوەیە توێژینەوەی لەسەر بکرێت(حمید:2004 ، ل. 34؛ وجیە:1992،ل. 51) بۆیە هەر توێژەریك بە پێی پلانی توێژینەوەکە شیکارییەکان دەکات بیرو بۆچونی خۆی دەبیت .(محمد:2000،ل.31). هەربۆیە توێژەر بۆ

خستنەروی کێشەی تویژینەوە پرسیارێکی سەرەکی دەکات: (ئایا بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەفزیونییەکان ڕۆڵیان هەیە لەهۆشیارکردنەوەی جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا سەبارەت بە(پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی).

**4-2: ئاستەنگەکانی توێژینەوە**

رۆژنامەگەری کوردی بنکولکاری وچاودێری لەســەر بابەتی زیادەرۆیی دەکات. بۆ نموونە کاردەکەین لەســەر بنبڕکردنی ئەو ڕەهەندانەی کەدەبنە هۆکاری ســستبوونی گەشــەی کۆمەلگا. لەهەموو بوارە جیاجیاکان، کە بەنموونە بەرنامەی بنکوڵ باســیان لێوە کراوە لەکەنالی ئاســمانی کوردســتان 24. کەهەڵدەســتێت بۆ بە دواداچوون وکاری چاودێری کردنی گشــت سـێکتەر ودامەزراوەی حکومی بکەن. بەلام ئەگەر لە ژێر کاریگەری رەهەندێکی تری دامەزراوەیی بێت ئەوا سەرکەوتوو نابێت.. ئەمەش مانای ئەوە نیە خۆ دەرخستنی راگەیاندکاران بێت بەلکو بریتیە لەدەرخستنی ڕاست و دروستی بابەتی شاراوە بە بی هیچ دەنگ و رەنگیکی جیاواز (عیسی : 2011، ل.217).

**5-2: ئامانجی تویژینەوە**

ئامانج لە دوو توێی لاپەرەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە بە بنکوکاری میدیایی و ڕۆلی لەســەر کارنامەی کاری شاراوە حکومەت و ئازادی ڕادەربڕین ئامانجی ئێمە و کەنالی کوردستان 24 ە، ئامانجمان دەرخســتنی بابەتە هەڵپەســێردراوەکانە کە چۆن چارەســەرییان بۆ بدۆزینەوە کە ئێمە وەك ســامپلی تویژینەوە وەرمانگرتەوە، چونکە ئامانجی بەرنامەی بنکوڵ گەیشــتنە بەراســتییەکان... لەچەند خاڵێك ئامانجەکان دەخەینە بەرباس:

1- زانینی ئاســت وقەبارەی تەماشــاکردنی بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەفزیونییەکان لەلایەن جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا.

2- زانینی ئاستی گرنگی پێدانی جەماوەر بەبەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەفزیونییەکان پەیوەست بە(پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 6-2: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە

جەماوەر لە هەرێمی کوردســـتان نمایشـــی کۆمەڵگای توێژینەوەی مەیدانی دەکات . هەروەها توێژەر سامپڵێکی ناهەرەمەکی مەبەستداری وەرگرتووە بۆ (121) جەماوەر .

### 7-2: جۆرو میتۆدی توێژینەوە

توێژەر پشـــت بە میتۆدی وەصـــفی دەبەســـتێت بەشـــێوازی رووپێو بە رێکاری راپرســـی را ، ئەم توێژینەوەیەش لەجۆری توێژینەوە هۆکارییەکانە .

## 3. چەمك و سەرهەڵدانی مێژووی رۆژنامەگەری بنکولکاری

### 1-3 : چەمك و پێناسەی بنکولکاری

بریتیە لە فەلســـەفەیەکی بنکولکاری لەســـەر بنەمای پاراســـتن وپارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگا (ارشد:2016، ل. 64). بۆ ئەوەی کۆنترۆلی کاربەدەستانیووڵات بکات، بۆ پتەوکردنی متمانەی تێگەیشتن لە نێوان کۆمەڵگا وناوەرۆکی بەرنامەکە و ئالوگۆرکردنی زانیاری لە نێوان هەردوولا، بۆنموونە سەرکردە و گەل، یان بەرێوەبەر و فەرمانبەر " حکومەت و جەماوەر بۆ پرسەکانی سیاسی و بازرگانی و کۆمەلایەتی و ئـاینـی، وەیـان تـاکەکـانی کۆمەلگـاکـانی جیهـان پرســـی بـنکـولـکـاری ئەنجـام بدەن(Adrian;1999,p133).    وەهەروها زاراوەی بنکولکاری بە ماناگشـــتیەکەی، ئاماژەیەکە بۆ ئەو گرفتێکی گەورە، هـەروەك دیفیـد كـابلان دەلێـت: " رۆژنـامەگەری بنکولـکاری بریتیە لە گەڕان بەدوایی ئـامـانـج و بـنـكـوڵ و رەســـانەیەتـی و نـهـێـنـیەکـان"    (DavidEkaplan:2013,p10) و(Stephan.J.Tannear;2002,p20). بەڵام لەماوەی کارکردن لەسـەر ئاشـکراکردنی سـەر پێچیەك یان بۆ گەیشـــتن بە ئاشـــکراکردنی گەندەڵیەك و گەیاندنی بە جەماوەر، دواتر چارەســـەرکردنی کێشـەکان و باشکردنی بارودۆخی کۆمەڵگا و پاراستنیان لەگەندەڵی زۆرترین کات و دارایی پێویستە (ارشـد:2016، ل.64). بۆیە لەسـەر ئەم بنەمایە دەتوانرێت بوترێ راگەیاندنی بە دواداچوون، وەهەروەها ئەو بابەتانەی کە لەلایەن بەرپرسان و دەسەڵاتداران بە مەبەست شاردراونەتەوە، یان بەرێکەوت لە ژاوەژاوێکدا وون بوونە. بۆیە لەو بارودۆخە زەحمەتەی کە هەیە ئاســـان نیە  لە راســـتیەکاندا تێبگەین ، بۆیە پێویســـت

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەكات بەبەكارهێنانی سەرچاوەی زانیاری هەیە لەگەڵ بەڵگەنامەكان و ئاشكراكردنی نهێنیەكان (ارشد:2016، ل. 64).

**كەواتە بە دواداچوون چەند مەرجێكی ڕەسەنی هەیە كە ئەمانەن:**

أ- تێڕوانین لە ڕوانگەیەكی ڕەخنەگرانە لێرەوە هزرمان لەسەر ئەو خاڵانە دەبێت كە كەم و كورتیان هەبێت یان خراپ تێگەیشتووین لەسەر بابەتەكان .

ب- بابەتێكی گرنگ و پرسێكی گرنگی كۆمەڵگا بێت، كە جەماوەر پەرۆشی زانینی ئەو زانیارییانە بێت كە زۆر نادیارە، وەهەروەها كاریگەری لەسەر جەماوەر هەبێت بۆ ئەم بابەتانەی كە تێچوونی ماندووبوونی بە چ ئاستێك گەیشتووە .(ئەبولغەزەل:2009، ل.19).

ت- شێكاری خۆی هەبێت بەڵگەنامەكانیش كۆكراوە بن بۆ پۆلین كردن، وەهەروەها ڕێك بخرێنبۆ كەسێكی پسپۆر تا یارمەتی ڕۆژنامەنووس بدات ، بۆ شیكرردنەوەی بەڵگەنامەكان بۆ بڵاوكردنەوە كە باس لەچی بكات، وەهەروەها كێی چ ووتووە(سەپان:2015، ل. 22).

بەڵام تێروانینی لیبراڵی كە بە ووردی لە ڕاگەیاندن دەڕوانێت كە دەسەڵاتی چوارەم لە ڕیزبەندی دەسەڵاتەكانیتر ناسراوترە. هەروەك ڕێكخراوێكی ئەمریكی وا پێناسەی بنكولكاریی كردووە كە بریتیە لە ڕووماڵكردنی هەواڵ بە قووڵی ئاشكراكردنی بەشێك، كە كەسێك دەیەوێت بە نهێنی بمێنێتەوە بۆیە بە ڕاگەیاندنی بنكولكاری دەوترێت ڕاگەیاندنی (قووڵ - بنكۆڵ)(أرشد:2016،ل65). وەهەروەها ڕایەكی تر بۆ چەمك و پێناسەی بنكولكاری كە لەلایەن ڕێكخراوی ئەریج شرۆڤەی بۆ كراوە كە دەڵێت: ڕۆژنامەگەری بە دواداچوون بریتی یە لە ئاشكراكردنی هەموو زانیارییە شاراوەكان كە لە پلەی باڵادان بۆ ئەوەی بگاتە بەردەستی بینەر و جەماوەر( David E kaplan:2013,p10 ) تا نەبێتە ئاژاوەیەكی شەقام لەسەر پرسە نەتەوی و نیشتمانیەكان. كە ئەویش لە ڕێگای بەڵگەنامە و دۆسیەی شاراوەی تاكی بەرپرس لە دام و دەزگاكانی حكومەت سەرچاوە دەگرێت.(ئەریج: ب.س، ل23).

**2-3 سەرهەڵدان وگەشەسەندنی ژانری بنكول لە ڕۆژنامەگەری جیهانیدا.**

ڕۆژنامەنووسی بنكولكاری ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەسیستەمی بەرێوەبردنی دەوڵەت هەیە، وەهەروەها پەیوەندی بە ئازادی ڕادەبڕین و دیموكراتیەت و ئازادی نووسین هەیە. (سەپان:2015،ل4). بۆیە لێرە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێت ئاماژە بە سەرهەلدان و گەشەسەندنی ژانری بنکولکاری بکرێت کەی؟ وەچۆن؟لەکوێ؟ سەریهەڵداوە، ئەوەی جێگای ئاماژەیە دەرکەوتنی بنکولکاری لە ژینگەیەك بەرپا دەبێت کە تێیدا ئازادی ڕادەربڕین و نووسین تێیدا بەرجەستە بکرێت، وەهەروەها هاوکاتە لەگەڵ ئەم وولاتانەی کە ڕێژەی گەندەڵی و ساختەکاری و دزی تێیدا بە ڕێژەییەکی کەم بەرچاوی جەماوەر دەکەوێت (البرنامج الانمائی، ب،س،ل28).

بەلأم لێرەدا ئاماژەیەکی زانستی هەیە کە دەڵێت ڕاگەیاندنی بنکولکاری یان رۆژنامەوانی بنکولکاری کە تەمەنی لە نیو سەدە زیاترە لە وولاتانی پێشکەوتوودا ، وەهەروەها بەتایبەتی لە وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وئەوروپا،(David E kaplan:2013,p11) تەنانەت لەلای ئەوان بەم شێوەیە پێناسەی بۆکراوە کە دەڵێت " دەستنیشانکردنی دیاردە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و هەولدان بۆ بە قووڵ گەیشتنییان لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە دەبێت، یان بەشێوەی دەستە بژێری زانیاری کۆکراوە لە داتاو زانیاریە بەردەستەکانی لێکۆلینەوە لە تاوانەکان دەبێت.(أرشد:2016،ل65-66 ؛نوح:2015، ل16.) .

وەسەرەڕای ئەوەش چەند جولانەوەیەکی تریش دروست بوو ، کە پێیان وابوو کە کاری پشکنیین لەسەر دۆسیەی گەندەڵی لەسالی 1906ز سەریهەڵداوە، بەلأم ئەم تیمە هەڵسان بە گەیاندنی زانیارییەکان بۆ جەماوەر (ارشد:2016،ل66؛ نووح : 2015، ل14). وەهەروەها زۆربەی کاری بنکولکاری رۆژنامەنووسان لە لووتکەی رۆژنامەوانی هەژماردەکرێت و سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوەتاگەیشۆتە کۆتاکانی سالی 1911ز، کە ئەویش بەمەبەستی گەیشتنی زانیارییەکان بە گوێی بینەران(ئەبولغەزەل:2009،ل20) ، بۆ زانینی بابەتی بەهەدەردانی ماڵ و مولکی دەوڵەت لە زۆربەی وڵاتانی داگیرکراو کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ڕوویانداوە.(ابو الحمام:2014، ل20؛ نووح:2015، ل15).

بەگوێرەی زۆربەی توێژەران و زانایانی بواری راگەیاندن زۆر بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر کردەی رۆژنامەوانی بنکولکاری، لە نێو هەمووشیانەوە پرۆفیسۆرئەلێکسندەر ێیقیچ بەم شێوەیە باسی گەشەسەندنی رۆژنامەگەری بنکولکاری دەکات، کە دەڵێت: " لە کۆتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لە وولاتانی رۆژئاوابەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەت رۆژنامەگەری بنکولکاری سەریانهەڵداوە، هەر لەسەرەتایی لەدایك

بوونی ئەم توێژە زانستیە باشترین و بە تواناترین رۆژنامەنووس بە دواداچوونیان بۆ لەسەر دۆسیە تایبەتەکان کرد " کە زۆربەیان تەم و مژاوی و ئالۆز بوون(سەپان:2015،ژمارە268). بەڵام زۆربەی بابەتەکانی ئەو سەردەمەی کە بنکولکارییان بۆ دەکرا بابەتی نیشتمانی بوون کە کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر بژێوی ژیانی جەماوەر هەبووە، هەر بۆیە بنیامین هاریسۆن دەڵێت" راگەیاندنی بنکولکاری پشکدار بووە لە گەندەڵی و تەنانەت دامەزراوەکە خۆی تیوەگلاوی پێوەدیار بووە تەنانەت دواتر ئاشکرا کراوە" (دلیل الصحافة الاستقصائية:2014،ص14). تەنانەت لەساڵی 1970ز کۆمەڵێك ستۆری تۆمارکراو هەیە لەلایەن رۆژنامەنووسی بەناوبانگ (سیمۆر هێرش) رەنگدانەوەی بەخۆی بینیوە تەنانەت خەڵاتی (بۆلترز) وەرگرت لەسەر ئاستی جیهان کە تۆمار کراوەکان سیمۆر هێرش باس لە چۆنیەتی کوشتن و برینی بە کۆمەڵێك هاولاتی ڤێتنامی دەکرد لەلایەن ئەمەریکا، کە پێك هاتبوون لە ژن و منداڵ و پیر کە لە 16 مارسی 1968 ز بە دەستی سەربازانی ئەمەریکا کوژراون کە ژمارەیان 500 هاوڵاتی ڤێتنامی بوون .(ابوالحمام: 2014،ل21).

### 3-3: خەسڵەتەکانی راگەیاندنی بنکولکاری.

بەدەستهێنانی گەشەسەندن و تایبەتمەندییەکانی راگەیاندنی بنکولکاری لەسەر نەبوونی ئاراستەیەکی دیاریکراو بۆتە گرفتی رۆژنامەنووسانی ئەکادیمی، کە چۆن بە رێژەیەکی زۆر پشت ببەستن بە سەرکەوتنی هۆکارە سەرەکییەکان و توانای هەڵسان بە ئەرکی بیردۆزەکەیان، کە بنکولکاریە بە شێوازێکی کارامەیی و چالاك.سەرەرای ئەوەی راگەیاندکاران لەسەر پرسی بنکولکاری کۆکن بۆ ئەوەی سیستەمی کاری بنکولکاری بەسەرکەوتووی بگات، پێویستی بە چەند هۆکارێك هەیە کە چۆن گونجاوە لەگەڵ هزرو هۆشیار کردنەوەی جەماوەربێت (Stephan.J.Tannear;2002,p27) ، وەهەروەها چۆن بتوانین بریار لە دەستپێکردنی چیرۆکی بنکولکاری بدەین ، وەخاڵە گرنکەکان چین بۆ پشت بەستن بە جۆری ئەم راگەیاندنانەی کە چیرۆکەکەی لێ بڵاودەبێتەوە، وەهەروەها لە گۆڤار و رۆژنامەکان چۆن جێگای خۆی بکاتەوە، چونکە رووبەرێکی فراونتر و کاتێکی زیاتریان دەست دەکەوێت . (ئەبولفەزل: 2009،ل31). ئەوەی جێی ئاماژەیە تائێستا پابەندبوونێکی سەرەتایی لەسەر نەبوونی پێناسەیەکی یەککگرتوو بۆ لێکۆلینەوەکانی راگەیاندنی بنکولکاری هەیە ، بەڵام لەسەر چەند بنەمایەك و تایبەتمەندییەکی گشتی جیادەکرێتەوە کە بریتین لە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- لێکۆلینەوەی بابەتی بنکولکاری بە یەکێك لەبابەتە گرنکەکان دەژمێردرێت ، چونکە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندی گشتی هەیە، بۆیە داوا دەکرێ زانیارییەکان ڕوونبکرێتەوە.(نوح:2015،ل19).

2- لێکۆلینەوە لەبابەتی بینراو بە هەموو شـێوازە جیاوەزەکان، پێك دێت لە ڕووداوی ڕاسـتەوخۆ و گفتوگۆ لە مۆسیقا وئەوشتانەی سەرنجی جەماوەر ڕادەکێشێ بە ئاراستەی گەیاندنی بابەتەکان، وەهەروەها پەیامی گەیاندراو پێویستە بە شێوەیەك بێت وا لە بینەر بکات باوەری پێ بکات (أرشد:2016،ل71).

3- بنکولکاری ئەرکی سەرەکی ڕاگەیاندنە کە بەردوام پلاندەر بێت بۆ گەیشتن بە زانیارییە شاراوەکان، وەهەروەها کاردانەوەی لەسـەر بەشـێك لەو کێشـانە دەبێت کە قەیران و گەندەڵی کەدووچاری دەزگاکە یان رێکخراوەکەیان دەبێت (الحمام:2014،ل32).

4- بابەتی زانسـتی و بنەماکانی بە دواداچوون لەگەڵ سـەرچاوەی جیاجیاکان بەکاردەهێنرێ، وەك هەوڵدان بۆ گەیشـتن بە بنکولی راسـتیەکان لە ڕێگەی فۆرمە ڕاپرسـیەکان یان توێژینەوەکان کەلەسەر بابەت و داتای وورد کارییان کردووە.(ارشد:2016، ل71).

5- کاری بنکولکاری بابەتێکی ڕاوێژکاری و جێبەجێکردنە، چونکە ڕاوێژی پێشکەش بە بابەتی باڵادەکات ، ناوەرۆکی کارە نەخوازراو خراپ و گەندەڵەکان دەخاتە ڕوو، کە چۆن مامەڵەی یاسـایی لەگەڵ ڕووداوەکان بکرێت بۆ ڕای گشـتی و جەماوەر، تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقی و پیشـەییە کە چۆن ڕووداوەکان بە ڕاست و دروستی لە کەناڵەکان پەخش بکرێت.(D.E.Kaplan:2013,p13).

6- ڕۆژنامەوانی بنکولکاری پرۆسـەیەکی بە دواداچوونە لە نێوان جەماوەر و حکومەت و دەزگاکانی حکومەت کە دەزگای ڕاگەیاندن چاوی چاودێری کردنی کاری بەرپرسـانە لەسـەر بنەماکانی بنکولکاریی تەندروست دەخاتە ڕوو.(نوح:2015،ل20).

7- ڕاگەیاندکاری بنکولکاری پابەندنابێت بەو جۆرە تایبەتمەندیانەی کە ئامادەسـازی بۆ دەکرێت بۆ دروست کردنی هەواڵ و ژووری هەوال، چونکە بەو پەرِی ئازادی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکات، کە سەرپێچی کراوی هەیە لەلایەن گەندەڵکاران وسەرپێچیکاران، دواتر دەست دەکات بە نووسینی پێشیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش بۆ دەستپێکی بەرنامەکە(الحمام:2014،ل134).

### 4-3: ڕۆڵی بنکولکاری و ڕاگەیاندن لە ئاشکراکردنی پرسی سیاسی و گەندەڵی.

بەشـــێوەیەکی گشـــتی یەکێك لە ئامانجە ســـەرەکیەکانی رۆژنامەوانی بنکوڵکاری پارێزگاری کردنە لە کۆمەڵگە بۆ بە دەست هێنانی ئەو سەرچاوانەی کە بڕیار بەدەستەکان بە لایەنەوە گرنگە، لە هەمان کاتدا رێگەیەکی ســـەرەکی هەیە بۆ لە ناوبردنی گەندەڵی و بەرهەمی ئازادی ڕا دەربڕین لە ســـێکتەرەکانی ڕاگەیـانـدن(هەنتەر:فۆدە: 2009،ل17)، وەهەروەها باس لەم جۆرە ئاشـــکراکردنە دەکات کە چۆن ڕاگەیاندن و میدیا ئەهلی و حیزبیەکان پرسی قەیران دەوروژێنن بە ڕووی جەماوەر بۆ زیاتر مانەوەیان لە دەســـەڵات، دواتر بانگەشـــە بۆ دیموکراســـیەت و بەرهەمهێنانی پلەیەکی بەرز لە مۆدیلی حکومڕانی پێگەیشـتوو دەکەن لە هەمان کاتدا. (حســـن: 2017،ل 23). کە بەجۆرێك پەیوەســـتە بە ســـیســـتەمی دیموکراتی لە بەڕێوەبردنی دەســـەلات. بەو پێیەی بە دوای قووڵایی ڕاســـتیەکان دا دەگەڕێ بۆ ئەوەی جەماوەر ڕای گشتی ڕزگار بکات لەو دەنگ و باس و ڕووداوانەی کە جەماوەرییان بێزارکردووە.

سەرەرای ئەوەش بابەتی رۆژنامەوانی بە دواداچوون تەنها ئیش لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات ناکات، بەڵکو شـــۆر دەبێتەوە بۆ ئەو بارودۆخ و کارانەش کە بەلای جەماوەرەوە گرنگە. هەروەك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەبەردەوامی بینەر لە کەناڵەکانی کوردی بیسەرو بینەری دەبن. بۆ نموونە 35 ساڵ بەســـەر ئابرووچوونەکەی ۆوتەرگەیت دا کە لەســـاڵی 1974ز دا کۆتایی بە ژیانی ســـیاســـی ریتچارد نیکسـۆنی سـەرۆکی ئەمەریکا هێنا، هیشـتا جەماوەر و رۆژنامە نووسـانیش لەسـەر وەڵامەکان کۆك نین (هەنتەر:فۆدە: 2009،ل17). وەهەروەها تەواوکردنی بابەتەکان بۆ گەیشـتن بە راسـتیەکان لەسـەرچاوە ڕەسەنەکانەوە وەردەگیرێت ، وەهەروەها وەستان لەسەر راستیەکان و گەورەکردنی لە قەبارەی خۆی و قولبوونەوە بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان .(ارشد:2016،ل18).

## 4. سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بنکولکاری لە رۆژنامەگەری کوردیدا .

چۆن بڕیار لە دەست پێکردنی چیرۆکی بنکولکاری دەدەیت ؟

خاڵی بنەرەتی پشـــت بەســـتن بە جۆری ئەو ڕاگەیاندنانەی کە چیرۆکی لێ بڵاودەکرێتەوە، زۆر جاریش ڕاگەیاندنی بەدواداچوون زیاتر گرنگی بە چیرۆکەکانیان دەدەن کە رۆژنامەگەری چاپکراودا بڵاوبکەنەوە، بۆنموونە وەکو خەبات و کوردســـتانی نوێ و رۆژنامەی هەولێر و گۆڤاری لیڤین و هتد.. پێویســـتیان بە بوودجەیەکی چڕو باش نابێت بۆ ڕاپۆرتەکانیان کە بە دواداچوونی لەســـەر بکەن. بۆیە نوســـەرێکی

بەناوبانگ بۆ ئەم جۆرە ســتۆرییانە دەڵێت " ئەگەر ئامادەســازی بۆ بەرنامەیەكی بنكولكاریی نهێنی بكەیت وەك :سر للغایة: پێویستت بە جۆرێك خەرجی باش هەیە تا زانیارییەكان بەدەست بێنیت.(ئەبو لغەزەل:2009،ل31).

بەڵام لەگەل ئاگاداربوونی رۆژانە لە ڕووداوەكان و ستۆریەكان چەندین بیرۆكە جۆراو جۆر دەبینین، كە دەكرێت بە دواداچوونی لەســەر بكرێت و لێكۆلینەوەی قولیان لەســەر بكرێت، بەڵام لەگەڵ گەڕانی ســەرەتایی لەســەریان دەبینین. كە هەندێكیان شــایەنی ئەوەنین كاری لێكۆلینەوەی بە دواداچوونیان لەسـەر بكرێت، بەو هۆیەوە گرنكی ئەو تۆیان نیە بۆ ناوهێنانیان لە رۆژنامە كوردییەكان، بۆیە لادەبرێن یان دەگۆردرێت بۆ بابەتی گرنگتر.(ارشــد:2016،ل79)، لەبەر ناشــایســتەیی بابەتەكە یان بایەخێكی زۆری نەبێت ســنوردار بكرێت. یان لەوانەیە مەســەلەی نەویســتراوی لێبكەوێتەوە، بۆیە لەســەر ئەم بنەماییە خۆی لە بابەتەكە بپارێزێت، باس لەو بابەتانە نەكات كە كێشــە و مشــتومڕی لەســەر دروســت دەبێت. یان دەكرێت بابەتەكە حەواڵەی لاپەڕەیەكی ناوەخۆی بكات لە جیاتی ئەوەی لەلاپەرەی یەكەم دابنێت.(ئەبولغەزەل:2009،ل29).

ســەرەڕای ئەوەش ســەرپەرشــتیاری لێكۆلینەوەكەش بابەتەكانی بنكولكاری بە باش دەزانێت، بۆ هەڵبژاردنی ئەو بیرۆكە و چیرۆكانەی كە گرنگن و ئاســانن بۆ بابەتی ســتۆریەكە. هەندێكی تریش وا بەباش دەزانن ئەو بابەتانە هەلبژێرن كە زۆر قورســن ئەگەر كار كردنیش تا ڕادەیەك قورســیش بێت .(ارشــد:2016،ل79؛ نوح:2015،ل33). بەڵام هەندێك كات بابەتەكانی بنكولكاری لە رۆژنامەی كوردی بوونەتە بابەتی گرنگی بنكولكاری لە لای هاوڵاتیان بایەخی هەبوو بێت بۆیە لە دوای ساڵی 2009ز ەوە، وە زۆر لە بابەتەكان لە رۆژنامە كوردییەكان لای خەڵكی بایەخی هەبووە بۆ نموونە (گەندەڵی كەم وكورتی لەسیستەمی كارگێڕی و دیاردەی كۆمەڵایەتی ترسناك، پێشێلكاری دژی كەمە نەتەوایەتیەكان و یان منداڵان و ژنان و یان هەندێ بابەتی ئابووری).

**1-4: هۆكارەكانی دەركەوتنی بابەتی بنكولكاری .**

ســەرەڕای پشــت بەســتنی كۆمەلگاكان بە رۆژنامە جیهانییەكان و ناوەخۆییەكان كاریگەریان لەســەر رۆژنامە كوردیەكان، وەهەم وەك هۆكارێكی بلاوكردنەوە و ئاشنابوونی كۆمەڵگایە لەسەر پێشهاتەكان و ئاشــنابوونیان بە بابەتە ئەرێنی و نەرێنیەكان كە بەگرنگترین هۆكار هەژماردەكرێت. (حجاب:2010،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ل232). ئە و کاتانە ی رۆژنامە بە هە ردوو شـــێوازی بڵاوکراوە پە ڕاویان بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی لە گواستنەوەی چیرۆکەکانی بە دواداچوونبوونیان هەبوو، بۆ پێدانی زانیاری راستەوخۆ و ناراستەوخۆ وەك دامەزراوەیەکی کۆمەلایەتی، وەك خێزان و کۆمەلگاو قوتابخانە ڕۆلی هەمەلایەنی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی و رۆشنبیری و هونە ری ببینێت بە بێ جیاوازی لەگە ل کەنالەکانی تەلەفزیۆن کە رۆلی خراپ دەگێرێت بۆ ئاشنابوونی هەوال بە گوێ و چاوی بینەرو بیسەر (عبد الجبار:2001ز،ل67)
تەنانەت ئەرکی کۆکردنەوەی داتاکان گەورەترین هۆکاری سەرکەوتنی رۆژنامە نووسە لەبەدەستهێنانی هەوال و زانیاری بە دواداچوون لە رۆژنامە ی کوردید. هەرچەندە ئەم ئەرکە دەکەوێتە سـەر شـانی پەیامنێر بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری ورد، وەك دڵنیابوون لە نیشاندانی دیمەنەکان و رووماڵکردن و بە دواداچوونی رووداوەکانی هە تا دەگاتە شـیکردنە وە و روونکردنە وەی زانیاریە کۆکراوەکان. هەر وەك بەرپرسە حکومیەکانی بواری رۆژنامەوانی لە رێی راگەیاندن و راپرسیە سادەکانەوە بەرێوەی دەبەن، بۆ ئەوەی وا لەپەیامنێرەکان بکەن کە وا زانیاری ناو خۆیان دەست کەوتووە(ئەبولغەزەل: 2009 ،ل 4 )

**2-4: سەرهەڵدانی و گەشەسەندنی ڕاگەیاندنی بنکولکاری لە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردیدا.**

لە ئەنجامی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیا، بەجۆرێك کۆمەڵێك دەزگای ڕاگەیاندنی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی دروست بوون. کە هەندێکیان لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە گەشەسەندنێکی زۆریان بەخۆیەوە بینیوە. کە ئەمەش لە ڕێگای متمانەو ڕاست و دروستی هەواڵەکان کە بۆ گوێ بینەر دەچرپێندرێت وەك ئامرازێکی ڕاگەیاندن (حجاب:2010، ل232). وەهەروەها ئەو ئەرکانەی کە تەلەفزیۆن وەك ئامرازێکی سـەرەکی ڕایدەگەیەنێت بە بەراورد بە ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن هەمە ڕەنگترن. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە تەلەفزیۆن ببێتە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی وەك خێزان و قوتابخانە.(احمد: 2015ز،ل67).
سەرەتایی دامەزراندنی و هاتنەکایەیی کەناڵە ئاسمانیەکان لە هەرێمی کوردستان دەسکەوتێکی گەورە بوو، لەکاتێکدا زۆربەی کورد لە قۆناغێکی هەستیار و نالەباری سـیاسـی دەیگوزەراند و هەرەشـەو مەترسی دەوروبەری لە سەر بوو ، بەتایبەت لەسەر هەژموونی سیاسی و هێشتا لەبەرامبەر مەترسی گەورەترین ڕژێمی دیکتاتۆریدا بوو لە ناوچەکەدا.(أرشد: 2016ز،ل97).
هەرچەندە کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکالیش لە هەرێمی کوردستان دا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە بنکولکاریی ڕووداوەکان بەهەنگاوی دەستپێك دادەنرێت بۆ دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی لەو هەرێمەدا، سەرەڕای

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی پەخشــی ئەو کەناڵانە بە ماوەی کورت و بەرتەســك هەژماردەکرێن ، هەروەك لەســەرەتا حزب و پارتە ســیاســیەکان دەســت پێشــخەربوون لە دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکالی بەهەمان شــێوەی دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی .(سەپان:2009ز، ل19). کە وەك ئامرازێکی کارامەن لە کاروباری سیاسی و ئـابووریـدا کـاریـیـان کردووە. ئەمرۆ لە جیهـانـدا هیچ چـالاکیەکی جۆراوجۆر لە چـاوی کـامیراکـانەوە ناشاردرێتەوە بۆ ئەوەی بینەر ئاگاداری نەبێت تا ئەو ئاستەی دیپلۆماسی تەلەفزیۆن چالاکانە کاریگەری لەسـەر هەواڵ و دەنگوباس و ڕووداوەکان هەیە، وە ڕێگەی خۆشـکەرە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئالۆگۆڕی سیخوری نێودەوڵەتی لە بواری سیاسی و ئابووری وجیهانی(میخلۆڤ و سەپان: 2013ز،ل 73).

تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ڕاگەیاندنی بنکولکاری لە کەناڵەکانی ئاسمانی بە ڕوونی ڕووداوەکانی جەنگ و شــەڕی داعش و تیرۆرســتان بۆ بینەر و کۆمەڵگا پەخش دەکرا.. دواتر ئەم هەنگاوانە بە ڕێگای بەرنامەکانی بنکولکاری بۆ بینەر پەخش بکرێت. تا ئەو ئاســتەی کەناڵەکانی حزبی و حکومی هەموو ئەنجامەکان و دەرهاوێشتەکانی رای ئەرێنی و نەرێنی قبول بکەن .

### 3-4: چۆنیەتی کارکردن لە بەرنامەی بنکوڵ.

هەندێك لە توێژەران پێیان وایە رۆژنامەنووسـی بنکوڵکاری جۆرێکە لە رۆژنامە نووسـی، کە سـەختە لە هەموو جێگایەکدا پەیرەوبکرێت. بە تـایبەت لە وڵاتـانی جیهانی ســێیەم ســەختترین نـاوچەن بۆ ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی بنکۆلکاری، بەشـیوەیەك دامەزراوە و رۆژنامە نووسـەکان بەشـێکی دانە بڕاون لە حکومەتە نیشــتمانییەکان، تەنانەت لە کاتێکدا رۆژنامەنووس دابڕاوبێت لە حکومەت ئەوا بیرۆکەی ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی بنکۆڵکاری لە هەر شتێك جێگای تێرامانێکی گەورەیە.(رەشـید: 2017ز،ل42). بەشـێك لە قورســی ڕەخســاندنی دەرفەتی کارکردن لەم بوارەدا، بەشـێك لە وڵاتانی جیهانی سـێیەم دەگەرێتەوە، بۆ ئەو پێناســە و لێکدانەوەی کە بۆ رۆژنامەنوســی بنکوڵکاری دەکرێت، بەشــێکی زۆر پێیانوایە تێکەڵەیەکە لە جەنگاوەرێکی کەللە ڕەق، سەگی پۆلیسی، پۆلیسی نهێنی کە بەردەوام بە دوای کەســانی خراپ و تاوان و گەندەڵی و کەموکورتییەکاندا دەگەڕێن ، ئەم هۆکارەش بازنەی کارکردن لەم جۆرەی رۆژنامەنووسـی تەسـکدەکاتەوە و لەمپەریش لەبەردەم گەشـەکردنی دادەنێت (رەشـید:2017ز، ل42-43).و (کاروان رحمن:14:2:2019 ، کاتژمێر 12:00 نیوەرۆ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەندێك بابەت و ڕووداو بارودۆخێكی ئالۆز دەخولقێنن، هەوڵدان بۆ ئاشكراكردنیان و خستنەڕووی ڕاستییەكان لەم بارەیەوە بۆ جەماوەر پێویستی بە سەرچاوەی زانیاری و بەڵگەنامەی نهێنی و ئاشكرا هەیە. ئەگەر نا دەبێت پشت بەو بابەتانە ببەستێت كە بەسەرنج و دەستپێشخەری خودی ڕۆژنامەنووس كۆكراونەتەوە( عیسی: 2012، ل37).. بۆیە ستیڤ واینبرگ كە مامۆستایەكی بەناوبانگی ڕۆژنامەنووسی بنكوڵكارییە لە زانكۆی میسۆری بۆ ڕۆژنامەنووسان دەدوێت دەڵێت " پێویست لە ئەنجامدانی ڕاپۆرتێكی بنكوڵكاری دەربارەی پرسێكی گرنگ ڕۆژنامەنوس كاری خودكاری خۆی پێشەنگی كارەكان بێت" (الحمام:2014،ل14).

بۆ ئەوەی كاری سەرەكی ڕۆژنامەنووسی بنكولكاری بگات بە باشی بۆ جەماوەر، ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بە ورەبەرزی و پشووی درێژی و بوێری هەیە، كە لە كاری ڕۆژنامەنووسی دێتە ڕێیان بیگرنە بەر. ڕەنگە هەر ئەو هۆكارانەش بن وای لە تۆماس جێفرسۆن یەكەم وەزیری دەرەوەی ئەمریكا و سێیەم سەرۆكی ئەو وولاتە كردبێت كە بلێت " ئەگەر لە نێوان حكومەتێك بەبێ ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسی بەبێ حكومەت سەرپشك بكرێم ئەوا بێ دوودڵی دووەمیان هەڵدەبژێرم. (برنار بولیه:2011، ل 27 ).

بەڵام لە هەرێمی كوردستان كاری ڕۆژنامەنووسی بنكولكاری بریتی لە ئازادی دەزگایی میدیایی و خاوەن كەناڵەكە نەوەك ئازادی ڕۆژنامەنووسەكە بۆ دروستكردنی ستۆریەك بۆ بابەتە شاراوەكان و خستنە ڕوویان، هەروەها ئەوانەی كە خاوەنی دامەزراوە میدیاییەكانن بەپێی بەرژەوەندی تایبەتیەكانیان و مملمانێ ی حزبی و ڕوانگە ئابووریەكانیان مامەڵە دەكەن. بۆیە قورس و زەحمەتە تا بابەتێك گرنگ دەكرێتە بابەتێكی بنكوڵكاری، ئەوەش پێویستی بەكات و پارەیە هیچ گرەنتیەكیش نیە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی كە ڕۆژنامەنوس و بینەر دەیانەوێت (عیسی: 2012، ل37).

### 4-4: كاریگەری بەرنامەی بنكوڵ لەسەر بینەر:

ڕۆژنامەنووسی بنكوڵكار ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لەسەر باشتر كردنی ژیان و گوزەرانی هاولاتیان لە وڵاتاندا، ئەویش لەڕێگای بڵاوكردنەوەی زانیاری و ئاشناكردنی بینەر بە بابەتە شاراوەكان، كە دەبێتە هۆی وروژاندنی ڕای گشتی بەرامبەر بە دەسەڵات و پێداچوونەوەی دەسەڵات بە بڕیارو ڕەفتارەكانیدا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاوەکو میدیا ڕاستگۆ و بێلایەن بێت، زیاتر ڕۆڵی بەدیار دەکەوێت و دەبێتە جێگای متمانەی خەلك (رەشید: 2017ز، ل60).

لێرەدا دەمانەوێت چەند کاریگەریەکی بەرنامەی بنکوڵ کوردستان 24 لەسەر هاولاتیان بخەینە ڕوو کە ئەمانەن:

1- ئەم بەرنامەیە بەشێکە لە کاری چاودێری پسپۆریەتی، کە دەتوانێت ڕای گشتی لە نێو جەماوەر دروست بکات، ئەوش بەهۆی ئەنجام و لێکەوتەی لێکۆلینەوە بنکولکارییەکان بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە لایەنە سیاسیەکانەوە.

2- ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەسەر لابردنی پەردەی شەرمەزاری کارە قێزە وونەکانی بەرپرسانی حزبی و حکومی کە دەستیان لە گەندەڵی تێوەگلاوە.

3- ئامرازێکی بەهێزە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی ڕووداوەکان وەك ئەوەی کە هەیەو ڕوودەدات لەسەرچاوە بنەڕەتیەکانەوە بە هەڵوەستە کردن لەسەر دروستی زانیاریەکان و ناڕوونی زانیارییەکان.

4- دەرگایەکی گرنگە لەبەردەم دام و دەزگاکانی دەوڵەت بۆ دەست پێکردنی لێکۆلینەوەکان لە تاوانەکانی دارایی و کارگێڕی و گەندەڵی، چونکە دامەزراوە چاودێرییەکانی دەوڵەت زۆر لە ڕێگەی شرۆڤەی بنکوڵکارییەوە لە هەندێ پرسی تاوانکاری ئاگادار دەبنەوە.

5- نوێنەرایەتی رۆژنامەنووسی بنکوڵ قوڵ دەکاتەوە بە هزری رۆژنامەنووسی زیندوو مەزندە بکرێت چونکە بایەخ و پێویستی رۆژنامەنووسی بنکوڵکار ڕۆڵی لە هەستانەوە و گەشەسەندنی رۆژنامەنووسی دامەزراوە میدیاییەکانداهەیە.

6- رۆژنامەنووسی بنکوڵکار کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەیە لەسەر گەشەسەندنی هزری رۆشنگەری و رۆشنبیری دیموکراسی لە نێو کۆمەلگادا.ئەویش لەرێگای ئەوەی کە کۆمەلگا بزانێت کە ئەوانیش بەشێکن لە دەسەڵات.

7- ئەم جۆرە بنکولکاریەی بنکوڵ هەڵگری ئەجێندای چاکسازییە بۆ حکومەت و کۆمەڵگا.

8- بەرنامەی بنکوڵ هێزێکە بۆ گۆرانکاری کۆمەڵایەتی و چاککردنی شێوەو جۆری دەسەڵات و چاکسازیی سیاسی.

ئەم بەرنامەیە پالپشتیەکی توند دروست دەکات لە بارەی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانەوە.( ڕەشید: 2017ز ل61).

**5-4: ئاستەنگەکانی ئامادەکردنی بەرنامەی بنکوڵ:**

کاری بنکولکاری لە زۆربەی ولاتاندا ڕووبەرووی کۆمەڵێك ئاستەنگ دەبێتەوە ، بەڵام ئەو ئاستەنگانە لەو وڵاتانەی کە داخراون و دۆخی سیاسی و ئاسایشیان ناجێگیرە زیاترە و ئەنجامی کاری ڕۆژنامەنووسی بنکوڵکاری سەخت و دژوار دەبێت. تا دەگاتە ڕادەی کوشتن (David E kaplan:2013,p9-11)و( Stephan.J.Tannear;2002,P21). هەر بۆیە زۆربەی ئاستەنگەکان دەڕوانێتە ئەم خاڵانەی خوارەوە.

1- نەبوونی ئازادی نووسین: زۆربەی پەیماننامە و یاسا نوێیەکانی وڵاتانی دەوروبەر باس لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەکەن، چونکە بەبێ بوونی ئازادی نووسین ناتوانرێ ئەرك و ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس بەرجەستە ببێت. تا بتوانرێت چاودێرێکی باش بێت بۆ بابەت و ڕووداوو کەیسە شاراوەکان تا پارێزەری بەرژەوەندی گشتی بێت. تەنانەت ئازادی نووسین بەو مانایە دێت ، کە ڕۆژنامەنووس هەر کردارێك بیەوێت کاری لەسەر بکات یاخود بینوسێت بەو مانایە دێت کە ڕۆژنامەنووس ئازادە لە فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەو کارەکەی و ڕێزگرتن لە ئازادیەکانی تر (ڕەشید:2017ز، ل65).

2- ڕۆژنامەنووسی کارێکی سەختە گەر یاسا پشتیوانی ڕاستەقینە نەبێت بۆ داکۆکی کردن لە ئەرك و مافەکانیان. بۆیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بەتایبەتیش یاسایی ڕێگری لێنەکەن بۆ پاراستن و بلاوکردنەوەی زانیاییەکان. چەند یاسایەکی توند و سەرکوتکەر هەن. کە ڕۆژنامەنووسان پەیوەست دەکەن بە پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانیان.ئەگەر نا دۆسیە دەدۆرێنن.

وەهەروەها زۆربەی وولاتانی جیهان بە تایبەت ئەوروپای ڕۆژهەلات و ئەمەریکا و ئەفریقیا، کە بە یاسایی ڕێگری ئاستەنگ لەبەردەم کاری ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت. بەڵام لە ئەمەریکا بە یاسایی ئازادی زانیارییەکان لە ساڵی 1966 ز دەرگای بە ڕووی ڕۆژنامەنووسان بۆ دەستگەیشتن بە سەرجەم بەڵگەنامەکان بۆتە هەوێنی ئابڕوو بردنی چەندان کەس کە کاری شاراوەو بێ بنەما یان کردووە. (ڕەشید: 2017،ل65).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- بەدەســت هێنانی زانیارییەکان: بۆ دەســتخســتنی زانیاری و بەڵگەنامەکان چەندین هەنگاو لە خۆ دەگرێت بە گەیشــتن بە دزە کردنی راســتیەکان و ئاشــکراکردنی بابەتە ناڕوونەکان. بۆیە قورس و زەحمەتە بتوانرێت ئەم جۆرە بەڵگەنامانە بکرێتە بابەتێکی رۆژنامەنووســی کاریگەر، هەندێك لە رۆژنامەنووســان دوو دڵن لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆ بەدەســت هێنانی بەڵگەکان کە پێویســتی بەکات و پارە هەیە. کە بە جۆرێك رۆڵی پزیشــکیك دەبینێت لە چارەســەرکردنی نەخۆشــیەکانی کۆمەڵگە.(الحمام: 2014ز، ل11).

4- سەرکێشی پیشەیی لە کاتی گەیشتن بە ئەنجامی هەڵە ، بۆنموونە کۆمپانییەك بەهۆی هەڵە لە لایەن رۆژنامەنووســەکە زەرەرمەنــدی زیانێکی متمانە دەبێت لە لای هاوڵاتیان بەهۆی دەرئەنجامی راپۆرتێکی بنکولکارییەوە. بۆیە داوای یاســایی لەســەر رۆژنامەنووس تۆمار دەکرێت بۆیە رۆژنامەنووس زیانی ماددی و جەســتەیی بەســەر داســەپێنرێت. ( نوح:2015، ل24) . تەنانەت هەرەشە لەسەر ژیانی رۆژنامەنووس دروست دەبێت.

5- ماندوویەتی و ترس لە شکست ئەمەش ئەم جۆرەی رۆژنامەنووسی بەرەو لاوازی دەبات.

### 6-4: بەرنامەی بنکوڵ لەکوردستان 24.

بەرنامەکانی کەناڵی ئاســمانی کوردســتان 24 بە یەکێك لە ژانرەکانی میدیایی نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێت، لەماوەی کاتی دیاریکراودا پێشــکەش دەکرێت ، تەنانەت ناوێکی نەگۆڕی هەیە، رۆژانە یان هەفتانە یان دوو هەفتە جارێك یان مانگانە پێشــکەش دەکرێت بۆ خســتنە رووی بابەتێك لە بابەتەکانی ســیاســی و هونەری و رۆشــنبیری و زانســتی و ئابووری و وەرزشــی چاوپێکەوتن . کە لە هەموو ســاتێك بەرنامەکانی کوردستان 24 ئامانجێکی دیاریکراوی خۆی هەیە وەکو فێرکردن و رۆشنبیرکردن و رەخنە گرتن و بنکولکاریی ئاراستەکان. کە پشت بە وێنە و دەنگ دەبەستێت.

### 1-6-4: رەهەندەکانی بەرنامەی بنکوڵ.

أ- رەهەندی دەستوری .
ب- رەهەندی کۆمەلایەتی.
ت- رەهەندی سیاسی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ث- ڕەهەندی ئابووری.

ج- ڕەهەندی ڕۆشنبیری.

ح- ڕەهەندی ئاینی .

خ- ڕەهەندی کەلتووری.

د- ڕەهەندی تەکنەلۆجی.

**4-6-2: چۆنیەتی پێشکەش کردنی بەرنامەی بنکوڵ.**

بەرنامەی بنکوڵ بە یەکێك لە بەرنامەکانی کوردستان 24 دادەنرێت ، کە لەلایەن میدیکار و ڕۆژنامەنووس (کاروان أحمد ) ئامادەکردن و پێشکەش کردنی ساز دەکرێت، میدیکاری ناوبراو سەرەتا بابەتێکی سەرەکی کۆمەڵگای کوردی بەهەند وەردەگرێت لەسەر گشت کایەکانی ژیانی دەسەڵاتداران و گەندەڵکاران و تەنانەت هاوڵاتیانیش کە تێوەگلاون لە کاری نادروست لەگەڵ بنەماکانی بەرژەوەندی گشتی. بۆیە ئامادەکار زەمینەسازی دەکات بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری گشتی و تایبەت بە کەیسی ئەو بەرنامەی کە هەلیبژاردووە، دواتر لە ڕێگای ڕووپێوی سەردانی شوێنەکان دەکات بۆ زیاتر بنکولکاری وئاوێتەبوونی زانیاری واقیعی کەیسەکە، دواتر بنکولکاری بۆ زانیارییە شاراوەکانیش دەکات، ئەویش بەوەرگرتنی زانیاری تایبەت لە کەسی تایبەت بە کەیسەکە. دواتر لەگەڵ شرۆڤە و شیکاری چارەسەکردن لە ڕێگای بەرنامەکە پەخش دەکرێت بەم هەنگاوانەی خوارەوە.

أ- شێوازی چاوپێکەوتن: ئەم شێوازەی توێژەران لەسەر کۆکن بۆ پێشکەش کردنی بەرنامەکان.(خضر:2014ز، ل29 ).

ب- شێوازی بنکولکاری. واتە شێوازێکی ئەستەمە بۆ گەیشتن بە زانیارو بابەتی شاراوە لە گشت کایەکانی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری وئاینی. کەسەرەنجی حکومەت و دامەزراوەییەکان بۆ خۆی رادەکێشێت بۆ چارەسەکردنی بە گوێرەی یاسادانان.(ئەبولفەزل:2009،ل19). یان بنکولکاریی کێشەیەك یان بیرۆکەیەك بە جۆرێ لە ڕاڤە کردنی دوورو درێژی و گێرانەوەی ئاگاداری و زانیاری و ڕاو بۆچوونەکان بۆ گەیشتن بە زانیاری و داتایەکی دروست بۆ جەماوەر و حکومەت.(خضر:2014ز،ل30)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ت- شێوازی گفتوگۆکردن: ئەم شێوازە لەسەر ئەوە بەندە چەند کەسایەتیەکی ناسراو و بەرپرس یا خود پسپۆر ڕای خۆیان لەسەر بابەتە هەستیارەکان دەردەبڕن، تەنانەت بۆ هەندێ کات جەماوەریش بەشدار دەبن.

### 3-6-4: ئاراستە و نماکانی پەیوەندی نێوان جەماوەر و دەسەڵات و بەرنامەی بنکوڵ.

بە پێ ی شرۆڤەی تەوەرەکانی کەناڵی کوردستان 24 ، چەندین شێوازی تایبەت بە میدیایی بنکولکاریمان بۆ ئاشکرا دەبێت ، کە باس لە ئازادی ڕادەربڕین و بەرپرسیاریەتی دەسەڵات و حکومەت بەرامبەر بە خەلك و بەرژەوندی گشتی دەخاتە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین نمای گرنگیان خستۆتە ڕوو کە دیارترینیان ئەمانەن:

1- پرسی ئازادی و رەخنە گرتن لە بنکولکاری : واتە میدیاکار بە ئازادی باس لە کەیسە شاراوەکانی کەسایەتی دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات لە تای یەك تەرزاوو هاوکێشەیان بۆبکات .

2- پرسی ڕێگری کردن لە ئازادی نوسینی بنکولکاری. ئەم جۆرە بەم واتایە دێت کە ئازادی میدیاکار بوونی هیەیە بەڵام رەچاوی ئێتیکی ڕاگەیاندن و رۆژنامەگەری و یاساو پرەنسیپەکانی راگەیاندن ناکرێت.

3- پرسی نائازاداو بەرپرسیار لە بنکولکاری: لەم جۆرە زەمینەی ئازادی رۆژنامەگەری رۆژنامەگەری بنکولکاری نەرەخساوە بۆیە بەشێك لە بەرنامەکانی کە ڕێکۆرد کراون ئەنجامی ئازادی بەرپرسیاری لێ بەدی ناکرێت. لەگەل ئەوەشدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو گۆڕانکاریەکاندا دەکەن لە کاتێکدا گرفتی زۆریان بۆ دروست دەکرێت.

## 5. ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە .

### 1-5 : رەگەزەکانی جەماوەر (بەرتوێژ):

ڕێژەی (80%) ی بەرتوێژانی سامپڵ لە توخمی نێرن و ڕێژەی (20%)یش لە توخمی مێن ، واتە توخمی مێ لە چاو تەخمی نێردا ڕێژەیەکی کەمە پێدەچێت لەووەوە سەرچاوەی گرتبێت ، کە تەخمی مێینە بە هۆی باری کۆمەڵایەتیەوە کەمتر دەربکەون لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن. بڕوانە خشتەی ژمارە(1).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی(1) بەرتوێژان بە پێی توخم.

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| نێر | 97 | %80 | یەکەم |
| مێ | 24 | %20 | دووەم |
| کۆی گشتی | 121 | 100 | |

### 2-5 تەمەنی بەرتوێژان :

زۆربەی تەمەنی بەرتوێژان بە پێی خشـــتەی خوارەوە پۆلین کراوە کە ڕێژەکانایان لە نێوان (18-30) سـالیدایە، لەمەشــەوە ڕووندەبێتەوە هەڵســووڕێنەورانی ڕاگەیاندن بۆ بەدەســت هێنانی داتا و زانیاری تایبەت تەمەنیان و ئەزموونی کارکردنیان دیاری دەکات. بڕوانە خشتەی (2).

خشتەی (2) بەرتوێژان بە پێی تەمەن.

| تەمەن | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| 18-30 ساڵ | 99 | %82 | یەکەم |
| 31-45 ساڵ | 19 | %16 | دووەم |
| 46-55 ساڵ | 3 | %2 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 121 | 100 | |

### 3-5 پیشەی بەرتوێژان:

بە پێ ئەو زانیارییانەی دەســتمان کەوتووە کە لە پلەی یەکەمدا هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریوســن لە گشت بوارەکانی زانستی ، وەبەشێك لە بەرتوێژان لە فەرمانبەری حکومەت بە ڕێژەی (%54.4) بەپلەی یەکەم دێت بۆ ئاســتی بەرتوێژان کە بەشــداربوون لە پرســی ڕاپرســی بەرنامەکەی بنکول ، تەنانەت فەرمانبەری کەرتی تایبەت بە پلەی دووەم دێت کە ڕێژەکەی (%20.6)دێت . ســـەرەرای ئەوەی زۆربەی بابەتەکانی نێو بەرنامەی بنکولکاری زۆر تا کەم پەیوەندی بە کاری ئاشتەوایی هەیە کە چینی پێشمەرگە بە پلەی سێیەم دێت کە ڕێژەکەی (%8.2)، بەلام سەبارەت بە ئاستەکانی تری بەرتویژلن کە بەشێکیان لە لە چالاکوانی مەدەنیین کە بەشــدارن لە ڕاپرســی بابەتە بنکولکارییەکان کە ڕێژەکەی %3.7 بۆ پرســی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاشتەوایی بەلام ئەوەی جێگای ئاماژە کەمترین رێژەی تۆمارکردووە بەپێ خشتەی ژمارە 3 ، سەرباری ئەوەب بەشێك لە مامۆستایانی ئاینی و شوفێران و بێکاران رێژەی پلەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم تۆمارکردووە. بروانە خشتەی ژمارە (3).

خشتەی (3) دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی پیشە.

| پیشەی بەرتوێژان | دووبارە | رێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بێکار | 5 | %4.1 | پێنجەم |
| چالاکوانی کۆمەلگەی مەدەنی | 4 | %3.7 | شەشەم |
| پێشمەرگە | 10 | %8.2 | سێیەم |
| فەرمانبەری حکومەت | 66 | %54.4 | یەکەم |
| فەرمانبەری کەرتی تایبەت | 25 | %20.6 | دووەم |
| شوفێر | 6 | %4.9 | چوارەم |
| مامۆستای ئاینی | 5 | %4.1 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 121 | 100 | |

**4-5 شوێنی دانیشتنی بەرتوێژان:**

لەڕاسپاردەی فۆرمی بەردەستی بەرتوێژان بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەزۆرینەی بەرتوێژان لە شاری هەولێرن کە رێژەی (43%) کە پلەی یەکەم دێن ، وەهەروەها بەرتوێژانی شاری دهۆك بەرێژەی (38%) بە پلەی دووەم دێن ، سەرەرای ئەوەی بەشێك لە بەرتوێژان کە لە بنەچەدا دانیشتووی شاری سلێمانینی بەشداری فۆرمی راپرسییان کردووە بەلام بەپلەی سێیەم دێت کە رێژەکەیان (%11)یە . وەهەروەها کەمێك لە بەرتوێژان کە لە شاری هەلەبجە دادەنیشن بەشدارن لە فۆرمی راپرسی کە بە پلەی چوارەم دێت کە رێژەکەی (%8) ە ، ئەوەش دەرئەنجامی ئەوەیە کە بە پێی ریزبەندی ریژەکان کە بەشێك لە شارەکان رێژەکانیان بەپێ پیویست نەبووە بۆ شیکاری فۆرمی راپرسی .. بروانە خشتەی ژمارەی (4)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (4) دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی شوێنی دانیشتنیان خراونەتەڕوو.

| شوێنی دانیشتن | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| دهۆک | 45 | %38 | دووەم |
| هەولێر | 53 | %43 | یەکەم |
| سلێمانی | 13 | %11 | سێیەم |
| هەڵەبجە | 10 | %8 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 121 | 100 | |

**5-5: تەماشاکردنی بەرنامەی بنکوڵکار لە کەنالە ئاسمانییە کوردییەکان......**

**أ- ئاستی تەماشاکردنی :**

تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکاریەکان لە کەنالە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئەنجامی شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی توێژەر بۆی دەردەکەوێت کە لە ڕێکەوتی 7-10-2018 تا 17- 2- 2019 تەوەرەکانی سەبارەت بە پرسەکانی ئابووری و دەستووری و کرمەلایەتی و کەلتووری و سیاسی و سەبارەت بە پرسەکانی هۆشیاری و ئاشتەوایی کۆمەلایەتی و ناوەرۆکی بەرنامە بنکوڵ لە بنکولکاریی لە سەر ژیانی جەماوەر . کە توێژەر بۆی دەردەکەوێت لە خشتەی (5) کە ئەو بەرتوێژانەی کە بەردەوام سەیری بەرنامەکان دەکەن ڕێژەی (30.8%) بەردەوام تەماشایی بەرنامەکان دەکەن بە پلەی دووەم دێت ، بەلام ئەو بەرتوێژانەی کە هەندێکجار تەماشایی بەرنامەکان دەکە ڕێژەکەی 24.2% کە بەپلەی سێەم دێت بۆیە بابەتەکانی کە وەرگیراون ، وەهەروەها ئەو بەرتوێژنەی کە بەدەگمەن سەیری بەرنامە بنکولکارییەکان دێت 45% کە ئەوەش بە پلەی یەکەم دێت . لەتەواوی بەرنامەکانی بنکولکاری کە زۆرترین پانتایی داگیر کردووە لە لای جەماوەر.

خشتەی (5) دابەشبوونی ئاستی تەماشا کردنی بەرنامەبنکۆڵکاریە تەلەفزیۆنیەکان.

| ئاستی تەماشاکردن | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | 37 | %30.8 | دووەم |
| هەندیکجار | 30 | %24.2 | سێیەم |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەدەگمەن | 54 | %45 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 121 | 100 | |

**ب- ڕەهەندەکانی بەرنامەی بنکولکار.**

بۆ بەدەست هێنانی داتا و زانیاری سەبارەت بە ڕەهەندەکانی بەرنامەی بنکولکار زۆر ئاستەنگ دەکات تا دەگەینە سەرە داوی بابەتە راست و دروستەکەی بۆیە ئەوەی لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی ڕەهەندەکانی بەرنامەکە کە زۆرترین وەڵامی ئەم ڕاپرسییە لەسەر چەند بنەماییەك دروست دەبێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاریەکان لە فۆرمی ڕاپرسی لە ڕێگای بەرتوێژان و ئەرك و کارە کانی بەرنامەی بنکولکاری. بڕوانە خشتەی ژمارە 6 . بۆیە لە خشتەکە زۆرترین شیکاری جۆراو جۆرت بۆ دەردەکەوێت سەبارەت بە سامپلی کە وەرگیراوە لە تەواوی ڕەهەندەکانی بەرنامەکان. ئەوەی لە خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەهەندی ئابووری بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەکەی (24%) ، بەلاَم سەبارەت بە پرسە ئاینیەکان پلەی دووەمی وەرگرتووە کە ڕێژەکەی (20%) ، ئەوەی جێی ئاماژەیە پرسی دەستوور ڕەهەندێکی ترە کە پهلەی سێیەمی وەرگرتووە کە ڕێژەکەی (14%)، بەلاَم سەبارەت بە ڕەهەندی تەکنەلۆجی بە پلەی چوارەم دێت کە ڕێژەکەی (13%) یە ، بەلاَم بۆ پلەکانی تر بۆ بابەتی ڕەهەندەکانی تر ، وەك ڕەهەندی ساسی بە پلەی پێنجەم دێت کە ڕێژەکەی (11%) یە ، وە ڕەهەندی کۆمەلاَیەتی بە پلەی شەشەم دێت ڕێژەکەی (9%)یە ، بەرم سەبارەت بە ڕەهەندی ڕۆشنبیری بە پەلی حەوتەم دێت ڕێژەکەی (4.9%). ئەوەی پلەی کۆتایی وەرگرتووە ڕەهەندی کەلتوورییە کە ڕێژەکەی (4.1%) کە بە کەمی پشتی بەستووە بە ڕەهەندەکان ئەوەش بۆ دوو هۆکار دەگەرێتەوە کەمی کار کردنی بەرنامەی بنکولکاری بۆ پشتراستکردنەوەی ئاشتەوایی کۆمەلاَیەتی. هۆکارێکی تر بریتیە لە خۆ دزینەوە دەزگاکان ڕاگەیندنە لە پرسە کەلتورییەکان ، بڕوانە خشتەی ژمارەی (6)

خشتەی (6) ڕەهەندەکانی بەرنامەی بنکولکاری .

| ڕەهەندەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| دەستوری | 16 | %14 | سییەم |
| کۆمەلاَیەتی | 11 | %9 | شەشەم |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| سیاسی | 13 | %11 | پێنجەم |
| ئابووری | 30 | %24 | یەکەم |
| رۆشنبیری | 6 | %4.9 | حەوتەم |
| ئاینی | 25 | %20 | دووەم |
| کەلتووری | 5 | %4.1 | هەشتەم |
| تەکنەلۆجی | 15 | %13 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 121 | 100 | |

**ت- ئاستی گرنگیدانی جەماوەر بەبابەتی ئاشتەوایی کومەلایەتی لەبەرنامە بنکولکاریە تەلەفزیۆنیەکاندا .**

خاسیەتی گرنگی دان و لایەنی کەسایەتیە دیاریکراوەکان بە رێژەی جیاواز لای جەماوەر بە رێژەی بەرز مەزندە دەکرێت لە بەرنامەی بنکوڵ، بۆیە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرترین جەماوەر بەشدارن لە بەدەست نەهێنانی زانیاری لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە کە مارەیان 121 کەسە ، لەبەر ئەوەی ئەوانە پەیوەستن بە پێدانی زانیاری بۆ توێژینەوەکە بەشدارن لە خستنەرووی تەواوی زانیارییەکانی خشتەی خوارەوە . بۆیە رای جەماوەر بۆ پرسی گرنگی دان بە ئاشتەوایی لە خشتەکە خراوەتە روو ، کە زۆربەیان لەگەل ئەوەدان گرنگی بە بەرنامەکە دەدەن کە رێژەکیە (%47.1) کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە ، وەهەروەها ئەوانەی کە بەدەگمەن گرنگی پێدەدەن پلەی دووەمی وەرگرتووە کە رێژەکەی (%28.9) . بەلام ئەوەی زیاتر ئەنجامی بەرنامەکەدەخاتە روو کە خەلکانێك هەن هەر گرنگی پێنادەن ئەوەش پرسیار لای توێەر دروست دەکات کە بۆچ بۆ پرسی ئاشتەوایی بەشێك لە جەماوەر هیچ گرنگی پێنەدەن کە پلەی سێیەمی وەرگرتووە کە رێژەکەی (%23.9) و واقیعیانە سەبارەت بەو بابەتە بە جەماوەر بگەیەنێ. بروانە خشتەی (7)

خشتەی (7) سیفەتی کەسێتی بۆ بەدەست هێنانی زانیاری.

| گرنگیدان | ژمارە | رێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەردەوام گرنگی پیدەدەم | 57 | %47.1 | یەکەم |
| هەندیکجار گرنگی پیدیدیم | 29 | %23.9 | سێیەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەدەگمەن گرنگی پیدەدەم | 35 | %28.9 | دووەم |
| کۆی گشتی | 121 | 100 | |

**ث- پلەی متمانەی جەماوەر بەبەرنامە بنکولکاریە تەلەفزیۆنیەکان.**

بەهۆی بوونی قەیرانی زۆرترین بەرتوێژ باســیان لە گەندەڵی و قەیرانی دارایی کرد کە پەیوەســتە بە ژیانی هاوڵاتیان بۆیە ڕێژەییەکی زۆر ســامپلی لیوەرگیراوە . کە بابەتی بەرنامەی بنکول کە زۆر چاوی هاولاتیانی کوردی لەســەر بوو بریتی بوو لە هێرشــە لەناکاوەکانی چەکدارانی داعش لە لایەکی ترەوە دەبینین لە زۆربەی بەرنامەکان ئاماژە بە چەند بابەتکی قێزەو وون دەدات ئەویش دیاردەی دزینە. وەهەوەها چەندین بابەتی تر کە ئاماژەیان پێکراوە وەك بەهەدەر دانی ســامانی وڵات بۆ لە چاپگرتنی پەرتووك بۆ قۆناغەکانی خوێندن کە پرســی ئابووریە کە ئاشــتەوایی کۆمەلایەتی بەرەو دووریانی مەترسیدار دەبات . لەگەل بوونی هەندێ سامانی وڵات بۆ پرۆژە تەواو نەکراوەکان پەلەکردن لە تەواو کردنی بەنداو و تونیلەکان و هەندێ خزمەتگوزاری گشتی کە پێویستە حکومەت لە ڕێگای کەرتی تایبەت پەلە بکات لە تەواو کردنییان . بەشـێك لەو زانیارییانەی کە لە خشـتەکە ئاماژەی پێکراوە کە متمانەی جەماوەر بۆ پرســی بەرنامەکانی بنکولکاری لە کەناڵە کوردییەکان پرســێکی گرنگە کە چۆن بتوانرێت جەماوەر رای تەندروست لەسەر ئەم جۆرە پرسیارانە بدات کە بە چ و پلە ڕێژیەك متمانەی لای جەماوەر دروســت کردووە. کە ئەوەش بە چەند برگەیەك لەخشــتەی ژمارەی (8) ئاماژەی پێکراوە ، هەروەك لە پلەی متمانەی مامناوەند زۆرترین ڕێژەی وەرگرتووە لی جەماوەرو ســامپلی توێینەوەکە کە ڕێژەکەی %47 کە پـەلـەی یـەکـەمی بەرکـەوتووە . ئەوەی جێگـای ســـەرنجـە متمـانـەی جـەمـاوەر بـە بـەرنـامـە بنکولکاریەکان لە ئاستی پلەی بەرز بەرێژەی %29.5 بووە کە پلەی دووەمی وەرگرتووە بەپشت بەستن بە میتۆدی مەیدانی توێژینەوەکە ، بەلام سەبارەت بە پلەی نزم کە کۆتا ئاستی وەلامدانەوەی بەرتوێژانە کە ڕێژەکەی %23.5 کە پلەی سێیەمی وەرگرتووە بەپێی ئاماری خشتەکە کە روونکراوەتەوە.

خشتەی (8) ژمارەی بەرتوێژان و ئستی متمانەبونیان بە بەرنامە بنکولکارییە تەلەفزیۆنیەکان لە سەر خواستی هزری جەماوەر.

| متمانە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەپلەیەکی بەرز | 36 | %29.5 | دووەم |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەپلەیەکی مامناوەند | 57 | %47 | یەکەم |
| بەپلەیەکی نزم | 28 | %23.5 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 121 | 100 | |

**ج- رای جەماوەر بۆ ئەم برگانەی خوارەوە سەبارەت بە پرسی ئاشتەوایی کۆمەلاییتی لە بەرنامە بنکولکارییەکان .**

گرنگترین ئاماژەی خشتەی ژمارە (9) ئەوەی کە زیاتر لە نیوەی نمونەی رای بەرتوێژان بەچاوی رەخنەگرانەوەی سەیری بەرنامەکانی بنکولکاری دەکەن ، وەهەروەها زۆربەی بەرنامەکان نەلوونەتە ئەوەی کە جەماوەر گەنگەشەیەکی تەندروست لەگەل بەرنامە بنکولکارییەکان بکەن. لە هەمان کاتدا ئەوەش لەبەر چاو بگیرێت کە نزیکەی نیوەی نمونەی بەرتوێژان بە ئاستی جیاوازیان بۆ رای خۆیان هەیە کە بەرنامە بنکولکارییەکان رێژەیەکی زۆر کە لەگەلیدا نینە وەهەروەها رێژەیەکی زۆر کە چەنجارێك وەلامیان نەرێنی بووە بۆ تەواوی بەرنامەکە کە بێلایەن خۆیان نیشانداوە . کە ئەوەش ووروژتندنی ئەو بابەتانەن کە جیگەی بایەخی جەماوەر نەبوونە بەگشتی بەلام بە پشت بەستن بە ناوەرۆکی ئەو دەرئەنجامانەی کە لای جەماوەر وەك باهبەتی مەیدانی خراونەتە روو بەشێك لە بەرنامەکانی بنکولکاری بۆ مەرامی سیاسی و شاردانەوەی بابەتی بنکولکاری بە کەمبەست کاری لەسەر کراوە بۆیە رێژەی لەگەلیدانیم رێژەیەکی زۆری وەرگرتووە بە پێوانەی برگەی بێلایەنم .

خشتەی ژمارە (9) سەبارەت بە رای جەماوەر بۆ لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لە بەرنامە بنکولکارییەکان لە تەلەفزیۆزیۆنەکانی کوردی دا

| ژ | برگەکان | لەگەلیدام | لەگەلیدانیم | بێ لایەنم | رێژەی سەدی کۆتایی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئارەزووی تەماشکردنی بەرنامە بنکولکارییەکان دەکەی کە تایبەتن بە رومالی پرسی ئاشتەوای و کۆمەلایەتی | 53 | 35 | 33 | 121 |
| | | %43.8 | %28.9 | %27.3 | %100 |
| 2 | پێم باشە لەگەل هاورێ و دۆستەکانم گفتوگۆ لەسەر پرسی بەرنامە بنکولکارییەکان بکەم کە بلاوبونەتەوە | 47 | 35 | 39 | 121 |
| | | %38.9 | %28.9 | %32.2 | %100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 3 | کەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان لە بەرنامە بنکولکارییەکان تیشك دەخەنە سەر بەرنامە ئاشتەواییە کۆمەلایەتیەکان | 61 | 34 | 26 | 121 |
| | | %50.4 | % 28 | %21.6 | %100 |
| 4 | ئارەزووی گفتوگۆ کردنم نیە لەسەر پرسی نێو بەرنامە بنکولکارییەکان | 48 | 32 | 41 | 121 |
| | | %39.6 | %26.5 | % 33.9 | %100 |
| 5 | کەناڵە کوردییەکان زۆربەی کات پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی بۆ مەرامی سیاسی و ئایدۆلۆژی بلاو دەکەنەوە | 71 | 22 | 28 | 121 |
| | | %58.6 | %18.1 | %23.3 | %100 |

## 6: دەرئەنجام و راسپاردەکان

توێژەر دوا ئەوەی شـــیکردنەوەی ناوەڕۆکی فۆرمی راپرســـی بەرنامەی بنکوڵ دەکات گەیشـــتە چەند دەرئەنجامێك .

1. لە بەرنـامـەی بنکول رێژەیەکی بـەرتوێژ بەشــــدار بوون و لێـدوانیـان لێوەرگیراوە ، کە زۆربەیـان پەیوەندی ڕاستەخۆیان لەگەل ناوەڕۆکی بابەتەکان هەبووە.
2. زۆربەی بەرنامەکانی بنکوڵ لەســـەر ئاســـایشـــی نەتەوەی خۆراك و گەندەڵی و کەرتی ئابووری و پەروەردە و ساختەکاری دەرمان و دزینی شوێنەوارەکان .
3. بەشـــێکی بەرچاو لە نموونەی بەرنامەکان تاراددەیەك پشـــتیان بە ڕەهەندەکانی دەســـتووری و کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی تەندروستی و بابەتەکانی تر بەستووە.
4. زیاتر لە نیوەی نموونە وەرگیراو واقعیی ئاشـتەوایی جەماوەر دەخاتە ڕوو ، بەڵام لایەنی پەیوەندار زۆر پـابەنـدی بنکولکـاریی ڕاگەیـانـدن نـابێـت چونکە تـا ئێســـتـا دەزگاکانی حکومەت گوێ بە ڕاو بۆچوونی بیسـراو بینراوی کەناڵەکان نادەن . وەهەروەها هەندێ جار وا سـەیری کەناڵەکان دەکرێت کە گوایا دەزگاکانی ڕاگەیاندن نەیان توانیوە بێ لایەنی خۆیان لە نێو کۆمەڵگا و بەرپرسانی حکومی و حزبی سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بخەنە ڕوو.
5. زۆرینـەی نمونـەی توێژینـەوەك بـەرادەیـەکی زۆر ســـودیـان لـە رای جـەمـاوەر وەرگرتووە ، چونکە بنکولکاری لەسەر پرس و کێشەی کۆمەلایەتی و جەماوەر کراوە ، کە زانیاری نوێیان لە سەر لایەنی مەیدانی خستۆتە ڕوو .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6. بەپێی زۆرینەی داتاو نمونەی لایەنی مەیدانی کەمتر لایەنی ئاسـایشـی کۆمەلایەتی بەسـتووە زۆری نمونەی توێژینەوەك بە ئاسـتی جیاواز لەگەل ئەوەدان بەرنامەکە بێلایەن نەبووە لە خسـتنە رووی بابەتی ئاشتەوای کۆمەلایەتی .

توێژەر لە پێناو زیاتر ئاشنا کردنی کۆمەڵگا لەسەر بابەتەکانی بنکولکاری لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان ئەم راسپاردانە دەخاتەروو.

1. پێویسـتە زانکۆ و پەیمانگەو قوتابخانەکان بەشـێوازێك هاولاتیان هۆشـیار بکەنەوە بۆئەوەی ئاشنایەتی لەگەل دەستەواژەکانی زانیاری شاراوە دروست بکەن . کە زۆر جار بەم ناوانە دەتوانرێ گوزارشـت لە ناسـاندنیان بکرێ وەك (ڕاگەیاندنی بنکولکاری – رۆژنامەگەری بنکوڵکاری- رۆژنامەنووسی پشکنین – رۆژنامەنووسی بەدوادلچوون).
2. پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زیاتر کار لەسەر نیشاندانی بابەتی شاراوە بکەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بە بێ جیاوازی لە ناوەرۆکی بەرنامەکانی بنکوڵکاری تێبگات.
3. پێویسـتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زەمینە سـازی بکات لەسـەر چۆنیەتی خەرج کردنی بری چارەی دیارکراو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری وورد و داتای دروست.
4. کەناڵی کوردستان 24 وەك تاکە کەناڵێکی ناسراو دەتوانێت دەست یخاتە زۆرینە کەیسە شاراوەکان بۆ ئەوەی سەربەخۆی تاکی کورد فەراهەم بکات.
5. پێویسـتە بەرنامەی بنکوڵ زیاتر بنکولکاری بکات دوای وەرگرتنی بابەتێك کە بەرچاو ڕوونی بۆ کۆمەڵگا و حکومەت نیە دوای نیشـاندانی لە تەوەرەکانی بەرنامەکە ، دواتر پێداچوونەوە بۆ چارەسەرەکەشی بکات .
6. پێویسـتە ناوەندەکانی زانسـت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و توێژەرە ئەکادیمیەکان لە ڕیگەی کاری خزمەتکردنیان گرنگی بە رۆژنامەگەری بنکولکاری بدەن بەکردنەوەی وۆرك شـۆپ و سـیمنارات و خوولی تایبەت بۆ دەرچووانی ڕاگەیاندن و زیاتر دراسەکردنی زانستی بنکولکاری.

## لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: پەرتووکە عەرەبیەکان:**

1. اسماء معروف(2014) الصحافه الاستقصائية هى جوهرة العمل الصحفى ، جريده القاهره الاليكترونية العدد 567 فى التأريخ 12-4-2011م.
2. برنار بوليه : 2011 نهايه الصحف و مستقبل الاعلام، ت :خالد طه الخالد، سعوديه دار العربيه للعلوم،
3. بشرى حسين الحمدانى 2012: التغطيه الاستقصائية ، ط1- دار أسامة عمان- الاردن.
4. حسين عبدالجبار2011م.: اتجاهات الأعلام الحديث و المعاصر ، دار أسامة للنشر ،عمان ،
5. حميد جاعد محسن2004: اساسيات البحث المنهجى ، الحضارة للطباعة والنشر ، بغداد.
6. سامان نوح 2015.: بوابة الأستقصاء الصحفى ، مطبعه دعم الأعلامى الدولى (IMS) بغداد – السليمانية
7. عبدالباسط محمد الحسن1971م.: أصول البحث العلمى الاجتماعى ، دار التضامن للطباعة ، ط8 القاهرة،
8. عزام ابوالحمام2014: المنهج العلمى فى الصحافة الاستقصائية ،ط1- دار أسامة – عمان – الأردن.
9. عيسى عبدالباقى2011م.: الصحافه الاستقصائية – مطبعة المدبولى، القاهرة،
10. عيسى محمود الحسن2012.: الصحافه الاستقصائيه مهنة المتاعب والاخطار، جار زهران للنشر
11. مارك هانتر 2009: عبور الأبواب المفتوحة خلفيات واستنتاجات،، على درب الحقيقة ، مكتبة الوطنية.
12. محمد عبدالحميد2000: البحث العلمى فى الدراسات الإعلاميه ،مطبعة عالم الكتاب ،القاهرة ،.
13. محمد منير حجاب2010.: نظرية الاتصال ،دار الفجر ،القاهرة،
14. نخبة من الباحثين، د.ت : البرنامج الأنمائى للأمم المتحدة – العراق ، الصحافه الاستقصائية – المنهج التقنى- مطبعة الأنس.
15. وجيه محجوب 1992: طرائق البحث العلمى ومناهجه ، دار الحكمه للطباعة والنشر بغداد.

**دووەم: پەرتووکی کوردی.**

1. ڕاپۆرتی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن2018.
2. سێرگی میخایلۆف2013؛ مغدید سەپان: پەیامنێری تەلەفزیۆن،چ1، چاپخانەی موکریان هەولێر
3. ماجیدة ئەبولغەزەل – سارا ریشانی2009، ئازادی دەستکەوتنی زانیارییەکان و ڕۆژنامەگەری بنکولکاری ، وەرگێڕانی ڤینۆس فایەق، چاپخانەی چاودێر ، ژمارە 6،
4. مغدید سەپان 2015: ڕۆژنامەنووسی بنکولکاری ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

5. مغدید سـەپان2009: مێژووی تەلەفزیۆن و کەناڵی ئاسـمانی زاگرۆس هەنگاوێك بۆ نووسـینەوەی مێژووی تەلەفزیۆن کوردی هەولێر ، چاپخانەی ئاراس،

6. مەم برهان قانع 2012 ، لەبارەی ڕاگەیاندنەوە (سلیمانی خانەی چاپ و بلاو کردنەوەی چوار چرا.

7. یسری فودة 2009: استثمارنا في صحافة استقصائية عربية، على درب الحقيقة ، وەرگێڕانی غازی مسعود ، مكتبة الوطنية.

**سێیەم: گۆڤارو ووتارو نامەی ماستەر.**

1. ارشد خليل اسعد شوانی 2016: پشتبەستنی جەماوەر بە بابەتی بنکولکاری لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ، نامەی ماستەر ، بەشی راگەیاندن ، کۆلێژی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحەددین،

2. ارشـد خليل اسـعد شـوانی 2017-2018: ڕاگەیاندنی بنکولکاری ، ووتاری زانسـتی زانکۆی بۆ قوتابیانی سێیەم لقی تی ڤی و رۆژنامە، بەشی راگەیاندن کۆلێژی ئاداب ،

3. دەشـتی علی رەشـید، 2017. پێگەی رۆژنانووسـی بنکولکاری ، بروانامەس ماسـتەر لە زانسـتی ڕاگەیاندن-رۆژنامەدا زانکۆی سلیمانی

4. روان صبحی عبیداللە 2015: پەیوەندی لە نێوان سەیرکردنی بژاردە سیاسی بۆ کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان و دەرکردنی بڕیارەکاندا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەڵاحەددین،

5. شیلان یاسین خضر2014ز ،ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان لە دروستکردنی ئاراستە سیاسیەکان،نامەی ماستەر، بەشی راگەیاندن_ کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین،

6. نیازعلی أحمد2015: پەیوەندی کەناڵە ئاسـمانیە کوردییەکان بە ئاسـایشـی کۆمەڵایەتی ، نامەی ماسـتەر ، کۆلێژی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحەددین،

7. ئاشـتی حمە صـاح حسـێن حسـن: ڕۆڵ و وگرنگی رۆژنامەوانی بنکوڵکاری لە رۆژنامەوانی کوردیدا ، گۆڤاری گەرمیان (April 2017.Vol4), مجلة علمية اكاديمية تصدرها جامعة گرميان ( Issn 2310-OC87).

**چوارەم: پەرتووکی ئینگلیزی:**

1. Adrian Sargent; Marketing management for near profit organization New York ford university press 1999.
2. David E Kaplan Global investigative journalism strategies for support, 2nd edition Washington CIMA & publications 2013.
3. Stephen Tanner: Journalism Investigtion& Research, Australia, printed in Malaysia LSP .2002

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دور البرامج الاستقصائية التلفزيونية في توعية الجمهور في إقليم كوردستان (قضية السلم الاجتماعي) انموذجا

**الملخص:**
بعد انتفاضة الربيع عام 1991، شهدت البيئة الإعلامية مرحلة جديدة في نشر الصحف والمجلات في الطبيعة الحرة وبث الإذاعة والتلفزيون الخاصين بها. هذه الحرية في إقليم كوردستان قادت الإعلام الكوردي إلى مرحلة متطورة من حيث الكم، ولكن من حيث أنها لم تخلها من المشاكل، فقد تمت محاولة توفير الحرية للصحفيين من هنا او هناك حتى يتمكنوا من انتقاد أوجه القصوى في المجتمع الكوردي، وكذلك الاستقصاء ليس ذلك فحسب برنامج ، بل ينبغي إعداد وتقديم برامج لتأسيس شاشات التلفزيون وعرضها كبداية للعمل الإعلامي في نوع إعلامي جديد. ولذلك وجود برنامج أساسي يرتبط بالتأكيد بالحالة السياسية ونظام حكم اقليم فى اوجه مسائل الادارية ورقابه الدولة على الاوضاع المجتمع فى تاهيل مصالحة وسلم المجتمع ، فضلا عن مشاكل التى تتعرض البلدان التي تحزن فيها الحرية للانتقاد. لا يسمح للصحفيين بالعمل بحرية وتقديم برامجهم.
الكلمات المفتاحية : دور، البرامج الاستقصائية التلفزيونية، التوعية، الجمهور، إقليم كوردستان، السلم الاجتماعي.

## The Role of Investigative Television Programs in Public Awareness in The Kurdistan Region

### (The issue of social peace), for example.

**Asst. Prof. Rebar Goran Mustafa**
Department of Media Technic, College of Administrative Technical Administration, University of Polytechnic, Sulaimaiya, Kurdistan Region, Iraq
Rebar.goran@spu.edu.iq

**Halat Jaafer Khurseed**
Department of Media Technic, College of Administrative Technical Administration, University of Polytechnic, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Halat.mam20@epu.edu.iq

***Keywords:*** *Role, Investigative Television Programs, Awareness, Public, Kurdistan Region, Social Peace.*

## Abstract

After the spring uprising of 1991, the media environment witnessed a new phase in publishing newspapers and magazines in a free nature and broadcasting their own radio

and television. This freedom in the Kurdistan Region led the Kurdish media to an advanced stage in terms of quantity, but in that it was not without problems, an attempt was made to provide freedom for journalists from here or there so that they could criticize the shortcomings in Kurdish society, as well as the investigation not only that Rather, programs should be prepared and presented to establish television screens and present them as a start to media work in a new media type. Therefore, the existence of a basic program that is definitely related to the political situation and the regional system of government in the aspects of administrative issues and the state's control over the conditions of society in rehabilitating the reconciliation and peace of society, as well as the problems in which countries where freedom grieves are criticized. Journalists are not allowed to work freely and present their programmes.